The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# مفەوەز شەماڵی تاوانکاری ناسراوی شاری هەڵەمەت و قوربانیش لای یەکێتی شەهیدی سەنگەرە

ناوەندی چاك , لە هەوڵ و کۆششەکانی بەردەوامە بۆ پاکسازی لیستی سەربەرزان " شەهیدان , قوربانیانی چەکی کیمیاوی , زیندانی سیاسی , پێشمەرگەی دێرین " لە ناوی تاوانکاران .

شەماڵ قادر ئەحمەد ناسراو بە مفەوەز شەماڵ ئەو تاوانبارەیە , هەموو هاووڵاتییە بەشەرەفەکانی شاری هەڵەمەت و قوربانی بە تایبەتیش کاسبکارانی ناو شار , چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد پاداشتی دڕندەییەکانی بدرێتەوە , تاکو لە ڕاپەڕیندا , جەماوەر ئەو هەلەیان بۆ ڕێککەوت , لە بەردەم دەرکی سەرا بە سزای گەلیان گەیاند و هەڵیان واسی , کەچی مخابن ئێستا بە پێی سەرجاوەیەکی باوەڕپێکراو کە چاکی لێ ئاگادارکردۆتەوە , ئێستا کراوە بە شەهیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان , زەویشی لە کانی سپیلکە پێدراوە .

باشە دەبێت دایکی شەهیدان , منداڵی ئەنفالکراوان , زیندانییە سیاسییە تێکۆشەرە کۆڵنەدەرەکان , پێشمەرگەی دیرین , چی بەم هەنگاوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڵێن ؟ , لێرەشەوە داوا لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەین بە پەلە ڕونکردنەوە لەسەر ئەم هەواڵە بدات و ناوبراو لە لیستی شەهیدانی خۆی دەربکات , ئەگەر نا ئەوا هەڵوێستی ترمان دەبێت لەسەر بوونی تاوانکاران لە ڕیزی لیستی سەربەرزان .

هەرلێرەوە داوا لە هەموو مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر و مرۆڤ دۆست دەکەین , لە ناساندنی ناوی تاوانباران بە ناوەندی چاك بەردەوام بن , تاکو سەرجەم ئەو لیستانە لە ناوی تاوانکاران پاك دەکەینەوە , هیوادارین هاوکاریمان بکەن بەناوی سیانی و ناوی وارسی ئەو شێوە کەسانە .

**ناوەندی چاك**

2007–9–20

www.chak.be

chak_org@yahoo.com

**تکایە جگە لەم ئیمەیل و ماڵپەڕە هیچ ئادرەس و ماڵپەڕێکی دیکەمان نییە.**